پەرلەمانی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان
لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکار بەر

برلمان كوردستان - العراق
رئاسة الديوان
مديرية شؤون البرلمان واللجان
لجنة شؤون الصحة والبيئة وحقوق المستهلك

Kurdistan Parliament – Iraq


No: / /
Date: / /

ژمارە: ١٠٥ /
بەروار: ١٧ / ١٠ / ٢٠١٩

(مۆر: پەرلەمانی کوردستان - عێراق، ژمارە: ١٠٥٩، بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٧، بەشی کاروباری لیژنەکان)

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عێراق

## بابەت/ پێشنیازی یاسا

سڵاوو ڕێزمان......

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان- عیراق، کەلەخوارەوە واژوومان کردووە داواکارین پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش ) بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە بەپێی ڕێکارە پەیرەوییەکان وە خوێندنەوەی بۆ بکرێت .

لە گەڵ ڕیزماندا......

| ژمارە | ناوی پەرلەمانتاران | واژوو | ژمارە | ناوی پەرلەمانتاران | واژوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | د. صباح محمود زيبارى | [واژوو] | ٨. | حسام عبدالله سعيد | [واژوو] |
| ٢. | د. شايان كاكه صالح | [واژوو] | ٩. | مختار شكري سليمان | [واژوو] |
| ٣. | د. گەلاوێژ عبيد عثمان سيان | [واژوو] | ١٠. | لقمان محمد حاجى | [واژوو] |
| ٤. | جعفر محمد حسين احمد | [واژوو] | ١١. | شنو عشقى عبدالله | [واژوو] |
| ٥. | زانا خالد سماك | [واژوو] | ١٢. | | |
| ٦. | روژان ابراهيم على سليفانى | [واژوو] | ١٣. | | |
| ٧. | د. كاظم فاروق نافعة | [واژوو] | ١٤. | | |

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان

نوسراوەکە بە مەبەستی بەڕێزتان

# پێشنیازی یاسای ما ف و ئەرکی نەخۆش

## بەشی یەکەم

## پێناسەکان و ئامانجەکان

**پێناسەکان**

**ماددەی یەکەم**

**مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە مانای بەرامبەریانە:**

**وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق.

**وەزیر:** وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق.

**دامەزراوەی تە ندروستی:** هەموئەو شوێنانەی سەر بە وەزارەتی تەندروستن, یان لە ژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە نەخۆش دەکەن, چ لە نۆرینگە یان بنکەی تەندروستی یان نەخۆشخانە هەروەها هەموو ئەو دامەزراوانەی کە سەر بە وەزارەتی تەندروستین و خزمەتگوزاری تەندروستیان تێدا پێشکەش دەکرێت.

**نەخۆش:** هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە مەبەستی وەرگرتنی خزمەتگوزاری تەندروستی سەردانی دامەزراوە تەندروستی یەکان دەکەن.

**مافی نەخۆش:** هەموو ئەو مافانەن کە دامەزراوە تەندروستی یەکان پابەند دەکات کە نەخۆش و کەس و کاری بپارێزێت بە پێی یاسا بەرکارەکان.

**کەس و کاری نەخۆش:** هاوژین و هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی خزمایەتیان لە پلەیەکەوە تاوەکو پلە سێ یە بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان.

**هەڵەی تەندروستی: هەموو ئەو کاریگەریە زیان بەخشانە دەگرێتەوە کە بەر کەسی نەخۆش دەکەوێت , لە ئەنجامی** کەمتەرخەمی یان خراپ ئەنجامدانی خزمەتگوزاری تەندروستی.

**خزمەتگوزاری تەندروستی:** هەر رێکارێك لە رێکارەکانی چارەسەری پزیشکی یان تەندروستی، پشکنینی کلینیکی، تاقیگەیی، تیشکی، پرۆسەکانی نەشتەرگەری، لە دایك بوون، کوتان، داو ودەرمان، مانەوە لە نەخۆشخانە و پێداویستی چارەسەری دیکە لە خۆ دەگرێت.

**پێشکەشکاری خزمەتگوزاری تەندروستی:** هەموو ئەو کەسانەن کە پیشەی تەندروستی پیادە دەکەن، هەڵدەستن بە کارێك لە کارەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی یان بەشدار دەبێت لە ئەنجام دانیان.

**ماك:** ئەو دەرئەنجامە بەڵگە نەویستانەن دوای هەموو نەشتەرگەری یان دەرمانێك روودەدات بە پیێ ی رێژە جیهانیە دیاری کراوەکان.

**ئامانجەکان**

**ماددەی دووەم**

**یەکەم:** دیارکردنی ماف و ئەرکەکانی نەخۆش.

**دووەم:** رێکخستنی ماف و ئەرکەکانی نەخۆش بە شێوەیەك ببێتە هێنانە ئارای ژینگەیەك یارمەتیدەر و گونجاو بۆ چارە سەری نەخۆشی.

**سێیەم:** بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری نەخۆش سەبارەت بە ئەرك و مافەکانی لە دامەزراوە تەندروستی یەکان.

**چوارەم:** پەرەپێدان و گەشەپێدانی کەرتی تەندروستی و پاراستن و دابین کردنی مافەکانی نەخۆش بەشێوەیەك هاوکاربێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش.

**بەشی دووەم**

**ماف و ئەرکەکانی نەخۆش**

**ماددەی سێ یەم**

**نەخۆش ئەم مافانەی خوارەوەی هەیە :**

**یەکەم:** باشترین و نوێترین جۆرێ پشکنین و چارە سەری پێوستی بۆ دابین بکرێت.

**دووەم :** لە دامەزراوە تەندروستیەکاندا بە شێوەیەکی دروست و شیاو پێشوازی و رێنمایی بکرێت ، جێگەی پێشوازی و پشکنین و مانەوەی بۆ دابین بکرێت ،بە شێوەیەك کەرامەت وکەسێتی و نهێنیەکانی پارێزراوبێت.

**سێ یەم :** یەکسانی لە مامەڵە و مافەکاندا،نابێت بەهۆکاری کومەلایەتی،رەگەزی،ئابوری،رەنگ، تەمەن، ئایین، یان ئاینزا یان بۆ هەر هۆکارێکی تر جیاکاریی لە نێوان نەخۆشەکاندا بکرێت .

**چوارەم:** لە باری کتوپریدا پزیشك مافی بریاری جۆری چارەسەری ئەم نەخۆشانەی خوارەوەی هەیە بەبێ گەرانەوە بۆ

کەس و کاری نەخۆش یان هەر کەس و لایەنێکی تر :

١ - بێهۆش

٢ - بیرکۆڵ

٣ - بێ کەس

٤-نەخۆشی تەمەن خوار (١٨ساڵ)، کاتێك بڕیاری کەس و کاری یان سەرپەرشتیارەکەی لە بەرژەوەندی نەبێت یان ڕێگربێت بۆ چارەسەر .

٥ - کاتێك نەخۆش هەوڵی زیان گەیاندن بە ژیانی خۆی یان کەسێکی تر بدات .

**پێنجەم :** گشت زانیارییەك دەربارەی نەخۆشی وپشکنین و ڕێگە چارەو دەرمان وماکی دەرمان و نەشتەر گەری بدرێتە نەخۆش.

**شەشەم:** نەخۆش لە میدیاکان و تۆرەکۆمەلایەتیەکانداپیشان نەدرێت،مەگەر بەرەزامەندی خۆی بێت بە شێوەی نووسراو، یان خانەوادەی یان سەرپەرشتیاری بۆ نەخۆشەکانی ئاماژە پێکراوی لە برگەی (چوارەم)ی بەندەکانی (٤،٣،٢،١).

**حەوتەم:** وێنەیەك لە دۆسییەی نەخۆشییەکەی یان ڕاپۆرتی پزیشکی تەواو لە پزیشکی چارەساز یان نەخوشخانە وەربگرێت.

**هەشتەم:** پزیشکی چارەساز بەردەوام ئەبێت لە چارەسەری نەخۆشدا، بێ گوێدانە ڕەزامەندی کەسوکار یان هەر کەس و لایەنێکی تر بۆ ئەو نەخۆشانەی لە بەندەکانی برگەی (چوارەم)ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

**نۆیەم:** نەخۆش ئازادە ڕاوێژ بە پزیشك یان دامەزراوەیکی تەندروستی تر بکات بۆ کێشە تەندروستییەکەی لەم بارەدا پێویستە پزیشك یان دامەزراوەی تەندروستی یەکەم ڕاپۆرتی پزیشکی تەواو سەبارەت بە نەخۆشی وبەدواداچوونەکانی بداتە نەخۆش وەك ڕێنمایەك بۆ پزیشکی دووەم.

**دەیەم:** پزیشك لە یەك کاتدا بە تەنیا یەك نەخۆش ئەپشکنێت و کاتی پێویستی بۆ تەرخان دەکات بۆ باس و خواسی نەخۆشی و پشکنین، ئەمەش ڕێگرنیە لەوەی نەخۆش کە هاوەلێکی لە گەڵدا بێت بە ڕەزامەندی خۆی.

**یازدەم:** نەخۆش ئازادە لە بەشدار بوون یان بەشدار نەبوون، لە هەرجۆرە لێکۆلینەوەیەکی پزیشکی و توێژینەوەی زانستی وە لەهەرکاتێکدا بیەوێت مافی کشانەوەی هەیە.

**دوازدەم :** وەرگرتنی ڕەزامەندی نەخۆش بەشێوەی نوسراو پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەری یان پێدانی خوێن یان هەر دەرمانێکی بێ هۆشکەر.

**سێزدەم:** هیچ جۆرە ڕاپۆرتێك و زانیاریەك دەربارەی نەخۆش و نەخۆشیەكەی نادرێت بە هیچ كەسێك لەلایەن پێشكەشكاری خزمەت گوزاری تەندروستی بە بێ ڕەزامەندی نوسراوی نەخۆش ،جگە لەو نەخۆشانەی لە بڕگەی چوارەمی بەندەكانی (١،٢،٣،٤)ی ئەم ماددەیە.

**چواردەم:** پێشكەشكاری خزمەتگوزاری تەندروستی پابەند دەبێت، بە ئاگادارکردنەوەی نەخۆش لەووردەكاری ئەو ڕێكارە تەندروستیانەی بۆی ئەنجام دەدرێت .

**پازدەم :** بەجێهێشتی نەخۆشخانە بەبێ ڕەزامەندی لایەنی كارگێری و پزیشكی پسپۆر لە سەر بەرپرسیاریەتی خۆی، بە مەرجێك نەخۆشیەكەی زیانی نەبێت بۆ دەوروبەری (نەخۆشی دەروونی و نەخۆشییە گوازراوەكان) .

**شازدەم:** خستنەرووی بڕی پارەی تێچووی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ نەخۆش لە لایەن پێشكەشكاری خزمەتگوزاری تەندروستی بەر لە ئەنجامدانی.

**حەڤدەم:** نەخۆش بۆی هەیە داوا لە ستافی كارگێری نەخۆشخانە بكات كە پەیوەندی تەلەفونی و سەردانی نەكرێت.

**هەژدەم: نەخۆش یان نوێنەرە یاساییەكەی یان میراتگرەكانی مافیان هەیە كە:**

١- سكاڵای یاسایی نوسراو یان زارەكی بۆ لایەنە پەیوەندارەكان لە وەزارەت بەرزبكەنەوە.

٢- داوای قەرەبوو یەكی شایستە بكات لەو زەرەر و زیانانەی كە لە ئەنجامی هەڵەی تەندروستی و هونەری لە كاتی وەرگرتنی خزمەتگوزاری تەندروستی لەدامەزراوەی تەندروستی یان بە هۆكاری وەرگرتنی ئەم خزمەت گوزاریە.

٣- ئەنجومەنێكی لێكۆڵینەوەی بەردەوامی پیشەیی پێك دەهێندرێت بۆ ئەو كێسانەی دروست دەبن لە ئەنجامی هەڵەی پزیشكی یان تەندروستی، هەیكەل و كارەكانی بە پەیرەوێك لە ئەنجوومەنی وەزیران وەردەگیرێت.

**نوزدەم:** هەرمافێكی تری پەیوەست بە چارەسەری سەردەمیانە.

**ماددەی چوارەم**

**نەخۆش ئەم ئەرکانەی خوارەوەی هەیە:**

**یەکەم:** پابەندبوون بە یاساو ڕێنماییەکانی دامەزراوە تەندروستیەکان.

**دووەم:** ڕێزگرتن لە کارمەندان و دامەزراوە تەندروستی یەکان، نابێت هەڵسوکەوتی نە شیاو بە مەبەست

ئەنجام بدرێت که کاریگەری بکاتە سەر رەوشی نەخۆشەکانی تر و دامەزراوەکە و پێشکەشکاری خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان .

**سێیەم:** پاپەندبوون بە پێدانی ئەو برە پارەی کە بەر لە وەرگرتنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان رەزامەندی لەسەر دراوە بەپێی رێنمای یە داراییەکان .

**چوارەم:** ئاگادارکردنەوەی پزیشکی چارەساز بە تەواوی کێشە تەندروستی و هەنگاوەکانی پەیوەست بە نەخۆشیەکە و وەرگرتنی هەردەرمانێك .

**پێنجەم:** پاراستنی کەل و پەل و ئامێرەکانی دامەزراوە تەندروستیەکان.

**شەشەم:** پابەندبوون بە رێنمایی وئاموژگاریەکان لە لایەن پێشکەش کاری خزمەتگوزاری تەندروستی.

**ماددەی پێنجەم :** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بریارێك ناکرێت کە بە پێچەوانەی دەقەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی شەشەم:**وەزارەتی تەندروستی لە ماوەی سێ مانگدا لە رۆژی دە رچوونی ئەم یاسایەوە ئاماداکاری و رینمای ی پێویست بۆ جێ بەجێکردنی دەردەکات.

**ماددەی حەفتەم :** پێویستە لە سەر لایەنە پە یوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی هەشتەم :** ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچواندن

پشت بەستن بە بنەماکانی مافی مرۆڤ، بۆ پاراستنی مافی نەخۆش و دیاریکردنی ئەرکەکانی و لە پێناو فەراهەمکردنی پێویستیەتەندروستیەکانی لەش و عەقل و دەروونی تاك و کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و کاراکردنی رۆڵی حکومەت و دامەزراوە تەندروستیەکان لە چاودێری کردن و گەشە پێدانی گیانی بەرپرسیاریەتی کە بە شێوەیەك لەگەڵ رەوتی سەردەم و پێشکەوتنی هونەری پزیشکی هاوچەرخ دا بگونجێت، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.